**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٦١٩٥ لە ٢٠١٣/٤/١٤**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (١١)ی یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان لە هەرێمی کوردستان عێراق بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :-**

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٣**

**ڕێنمایی تایبەت بە هاوردە کردنی جگەرە و توتن و بەرهەمەکانی**

**١- پێویستە جگەرە و توتن و نەرگیلە هۆشداری تەندروستی لەسەر بێت بەم شێوەی خوارەوە :-**

**أ- ڕووبەری (٥٠%) لە ڕووی گشتی پاکەتەکە بگرێتەوە .**

**ب- لە (٣٠%) لە ڕووی پێشەوەی پاکەتەکە بگرێتەوە .**

**ج- ڕەنگی نووسین و قەبارەی هەمان نیشانەی بازرگانیەکەی بێت .**

**د- ئاگادارکردنەوە بەزمانی عەرەبی و کوردی بێت .**

**٢- مێژووی بەرهەم هێنان و کۆتایی هێنانی بەمانگ و ساڵ دیاری کرابێت .**

**٣- ناونیشانی وڵاتی بەرهەم هێنان دیاری کرابێت .**

**٤- ڕێژەی نیکۆتین و قەتران لەسەر ڕووی پاکەتەکە دیاری کرابێت بەگوێرەی ستاندەردی ڕێگە پێدراوی عیراقی یان WHO .**

**٥- پێویستە بازرگان پابەند بێت بە تایبەتمەندیەکانی ستاندەردی ڕێگە پێدراوی عیراقی**

**٦- ریکلام کردن بۆ جگەرە و بەرهەمەکانی بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە بەپێچەوانەوە دوچاری سزای یاسای دەبێتەوە.**

**٧- دەبێت بازرگان داواکاری پێشکەش بکات بەگوێرەی مەرجەکان بۆ ڕێگە پێدان کە ناوی ماددە و بڕەکەی وە هەروەها شوێنی هێنانی دیاری بکات .**

**٨- پێویستە وێنەیەك لەڕێنمایی و تایبەتمەندیەکانی عیراقی تایبەت بە هاوردەکردنی جگەرە و بەرهەمەکانی بدرێت بە بازرگانەکان لەلایەن دەزگا تەندروستیەکان .**

**٩- پێویستە بازرگان بەڵێننامە بدات لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پەیوەندار کە پابەند دەبێت بە مەرجەکان .**

**١٠- چوار دانە لە نموونەی پاکەتی جگەرە وەردەگیرێت دەنێردرێت بۆ تاقیگەی تەندروستی پەیوەندار.**

١١- پێویستە ناونیشان و شوێن و تەلەفۆنی بازرگان وەربگرێت لەکاتی بوونی هەر کەم و کوریەك ئاگادار بکرێتەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پەیوەندار .

١٢- بازرگان دوای ئەوەی کە بەڵێننامەی یاسایی دا کە هەموو مەرجەکانی تەندروستی جێ بەجێ دەکات وە پابەند دەبێت ئەو کات لاری نەبوون وەردەگرێت بۆ پێدانی مۆڵەتی هێنانی ئەو بەرهەمەی کە دەیهێنێت بەو مەرجانەی کە دیاری کراوە .

١٣- ڕێنماییەکان لەسایتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی بلاّودەکرێتەوە.(www.moh-krg.org) .

١٤- ئەم ڕێنماییە دوای (٣) مانگ لە ڕۆژی بلاّوکردنەوەی لەرِۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێ بە جێ دەکرێت .

د.ڕێکەوت حمە رشید
وەزیری تەندروستی